هەفتەنامەیەکی سیاسی، رۆشنبیری گشتییە،
حزبی رزگاریی کوردستان دەری دەکات،
ژمارە نۆبەرەی لە ١ - ٧ - ٢٠٠٠ دەرچووە

# گرۆژی گەل
Rojî Gel

ژمارە (٢١١) یەکشەممە ٦-٧-٢٠٠٨

## سێ هەلیکۆپتەری ئەمریکی دەدزرێن

سەرچاوەکانی هەواڵ بڵاویان کردەوە کە لە وڵاتی پاکستاندا سێ هەلیکۆپتەری ئەمریکی دیار نامێنن و گومانی ئەوە دەکرێ کە لایەنگرانی تالیبان ئەوانەیان دزی بێ.

سێ هەفتە لەمەوبەر سێ هەلیکۆپتەری (**کوبرا**، **چینۆک** و **بلاک هاوک**)ی سەر بەهێزەکانی ئەمریکا لە هەرێمی ژێر دەستەڵاتی ئیسلامیەکان لە پاکستان پارچەپارچە کراون و دزراون، ئەمەش گورزێکی کاریگەرە کە بە ناوبانگی سوپای ئەمریکا دەکەوێ.



روونکردنەوەیەک بۆ رای گشتی و هەڤاڵانی حزبی رزگاریی کوردستان — ل3

ئایا جگەرەکێشان چارەسەری کێشەکان دەکات؟ — ل4



فیلمی کوێستانی سپی بەشداری ڤیستڤاڵی ئەمریکا دەکات — ل6



چەند پەیڤێک لەسەر ژینگە پارێزی — ل7

# پیلانی کۆدێتاچیان پوچەڵ دەکەینەوەو پارێزگاری لە سەربەخۆیی بڕیاری سیاسی حزبمان دەکەین

دوای ئەوەی چەند کەسێک بەبەرنامەیەکی داڕێژراوی دەرەکیەوە هەوڵی کۆدێتایان لەسەر حزبمان، حزبی رزگاریی کوردستان دا و ویستیان راستیەکان لەژێر بەڕێوەچوونی کۆنفراسێکی وەهمیدا تێپەڕ بکەن، زۆر بەخێرایی پشتیان لە سیاسەت و هەڵوێستی راستینی رزگاری کرد، لەهەنگاوی یەکەمدا لە دروشمی ئۆپۆزیسیۆن دوورکەوتنەوە، دواتر خزێندرانە نێو ئەو بەرەیەی کە بۆ دەسکەلایی کەسانێک قوتکراوەتەوە، بۆیە حزبمان زۆر بەتووندی دژی ئەو کۆدێتاچیانە راوەستاوەو دووپاتی کردۆتەوە کە وەک هەمیشە سەربەخۆیی بڕیاری سیاسی خۆی دەپارێزێ و رادەستی هیچ کەس و لایەنێکی ناکات.

لەم پێوەندەدا هەڤاڵ **عومەر حەسەن** کارگێڕی مەکتەبی سیاسی بە رۆژی گەلی راگەیاند کە لە رابردووشدا زۆر جاری دیکە هەوڵی ئەوە دراوە فۆتۆکۆپی بۆ حزبی رزگاریی کوردستان دروست بکرێ و هەڵوێستەکانی بشێوێندرێن و بە چەواشە پێشانی جەماوەر بدرێن، بەڵام سەرەنجام راستیەکان ئاشکرابوونەو حزبی رزگاریی کوردستانیش سەربەرزانە گوشارەکانی تێپەڕاندووەو بوونی خۆی سەلماندووە.

هەڤاڵ عومەر حەسەن کارگێڕی مەکتەبی سیاسی ئەوەشی گوت کە دەمێکە هەوڵی دەستەمۆکردنی حزبی رزگاریی کوردستان دەدرێ، بەڵام لە رابردودا سەرکەوتوونەبوون، چونکە ئێمە خۆمان لە نێو بارەگا دابووین، کەچی ماوەی چەند مانگێکە من هاتوومەتە ئەوروپا و هەڤاڵ سکرتێری گشتی حزبیش لە ئەوروپا بووە، ئەو کۆدێتاچیانە داوایان دەکرد کە هەڤاڵ سکرتێری حزب نەچێتەوە کوردستان کە گوایە ژیانی لەمەترسی دایە، هەرچەند من دەمێکە هەستم بە رایەڵەکانی ئەو پیلانە کردووە، مانگی سێپتێمبەری ٢٠٠٧ لە نامەیەکدا ئەوەم بۆ بەرێز سکرتێری حزب ئاشکراکردبوو، بەڵام ئەو پشتگوێ خست، تا ئاکام بەم شێوەیە دەرکەوت.

## پەیامی پیرۆزبایی

**بەرێز و هێژا سەرۆک تاڵەبانی**

سڵاوی رزگاری و سەرخۆبوون، هیوادارم شادو سەروەربیت.

لەپێوەند بە وەرگرتنی پۆستی جێگری سەرۆکی سۆسیال ئینتەرناسیۆنال، بەناوی خۆم و لەجیاتی سەرجەم ئەندامانی حزبی رزگاریی کوردستانەوە پیرۆزباییتان لێدەکەم، هیوای سەفرازی و بەختەوەریتان بۆ دەخوازم.

بەرێز سەرۆک تاڵەبانی! ئێمە پێمانوایە کە وەرگرتنی ئەم پۆستە لەلایەن بەرێزتان و بە هەمیشە ئەندامبوونی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە رێکخراوی سۆسیال ئینتەرناسیۆنال سەرکەوتنێکی گەورەی بۆ کێشەی گەلی کوردستان تۆمارکردووە، هەروەها دەلیڤەیەکی باشتر بۆ دیموکراسی و ئازادی رادەربرین لە کوردستان دەکاتەوە، بەوهۆیەوە جارێکی دیکەش سڵاو پیرۆزبایی خۆمان دووپات دەکەینەوە.

**رێکار ئەحمەد**
**سکرتێری گشتی**
**حزبی رزگاریی کوردستان**
**٢-٧-٢٠٠٨**

## گیراوەکانی سوریا رادەپەڕن

سەرچاوەکانی هەواڵ ئاشکرایان کرد کە دوێنێ شەممە ٥-٧-٢٠٠٨ گیراوانی زیندانی **سیدنایا** هەڵکەوتوو لە باکوری شاری دیمەشق راپەڕیون و هێزەکانی پاسەوانیش تەقەیان لێکردوون، بەوهۆیەوە زیاتر لە ٢٥ گیراوی سیاسی کە هەموومان سەر بە ئیسلامیەکانن کوژراون.

رێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤ لە سوریا ئاشکرای کردووە کە زیندانیەکانی ئەو گرتووخانەیە لەبەر رەفتاری نا مرۆڤانەی پاسەوانەکان وەزاڵە هاتوون و لە دژیاندا راوەستاون، شەڕو پێکهەڵپژان رووی داوەو ژمارەیەکی زۆر کوژراوو بریندار هەیە، بنەماڵەی گیراوەکان بروسکەیەکی بەپەلەیان بۆ سەرۆکی سوریا ناردووەو داوایان لێکردووە کە بە هانای گیراوەکانەوە بچێ و لە مردن و کوشتن رزگاریان بکات.

جێگەی ئاماژەیە کە رێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤ دەڵێ گیراوەکان لەترسی گیانی خۆیان بۆ سەربانی زیندانەکە هەڵاتوون و مەبەستی راکردنیان نەبووە.

## راگەیاندراوی حزبی رزگاریی کوردستان

ئەمڕۆ پێنج شەممە ٣-٧-٢٠٠٨ هەواڵێک بڵاوکرایەوە کە گوایە حزبی رزگاریی کوردستان بۆتە ئەندام لە بەرەی کاری هاوبەش!! بەڵام ئێمە سەرسوڕمانی خۆمان رادەگەیەنین، چونکە سکرتێری حزب و کارگێڕی مەکتەبی سیاسی و سێ ئەندامی دیکەی کۆمیتەی ناوەندی هیچ ئاگایان لەم هەنگاوە نیە، بەهیچ شێوەیەکیش لەبەرنامەی حزبی رزگاریی کوردستان دا نەبووە کە بەشداری لە بەرەیەکی لەو شێوەیەدا بکات، هەرچەندە لە دەرەوەی رزگاری ئەم داوایەمان لێکراوەو ئێمەش رەتمان کردۆتەوە، ئێمە رایدەگەیەنین کە ئەمە بۆ ویست و رازیکردنی کەسانی دەرەوەی حزبی رزگاریی کوردستان و بۆ گێڕانەوەی بودجە ئەنجام دراوە، بۆیە روونی دەکەینەوە کە ئەمە لادانە لە پێڕەوی ناوەخۆ و رامانی رزگاری و رەتی دەکەینەوەو بەبەرەی کاری هاوبەش پێبەند نابین. لەلایەکی دیکەشەوە وەک ئێمە ئاگادارین کە کاک سامان عەلا سکرتێری بزووتنەوەی دیموکراسیخوازن کە ئەندامی بەرەی کاری هاوبەشە ئاگای لێنەبووەو رەزامەندی خۆی پێشان نەداوە.

## مالکی بەکار هێنانی ئاسمانی عێراق دژ بە ئێران رەت دەکاتەوە

نوری مالکی سەرۆک وەزیرانی عێراق دووپاتی کردەوە کە رێگە بەهیچ وڵاتێک نادات کە ئاسمانی وڵاتەکەی بۆ هێرشکردنە سەر ئێران بەکار بهێنێ.

دوای ئەوەی کە دەنگۆی ئەوە بڵاوبۆوە کە ئیسرائیل دەیەوێ یەک لایەنە هێرش بکاتە سەر دامەزراوەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران، گۆمانی ئەوە هاتە پێشەوە کە ئەمریکا حکومەتی عێراقی رازیکردووە تا فرۆکەکانی ئیسرائیل بۆ هێرشکردنە سەر دامەزراوە ناوکیەکانی ئێران سوود لە ئاسمانی عێراق وەربگرن، بەڵام نوری مالکی سەرۆک وەزیران رایگەیاند کە ئەوان رێگە بەکارێکی لەو بابەتە نادەن و نایانەوێ عێراق هەڵوێستی دژایەتی لەبەرانبەر ئێران هەڵبگرێتەوە.

چاودێران جەخت دەکەنەوە کە لە رەوشی ئێستادا عێراق توانای پاراستی ئاسمانی خۆی نیەو ئەرکی پاراستی ئاسمانی عێراق لە ئەستۆی هێزەکانی ئەمریکا دایە، ئەمەش ئاسانکاری دەکات تا ئیسرائیل بەبێ پرسی حکومەتی عێراق سوود لەو ئاسمانە وەربگرێ و مەرامی خۆی جێبەجێ بکات.

لەلایەکی دیکەشەوە چاودێران پێانوایە ئەگەر ئبۆ هێرشکردنە سەر ئێران سوود لە اسمانی عێراق وەربگیرێ، کێشەکانی ناوەخۆی عێراق قوڵتر دەبنەوەو رەوشی عێراق بەرەو ئاڵۆزی و تەنگژەیەکی ترسناک دەچێ.



به دەستكاریەوە وەرگیراوە

## رۆژەڤ

پاساوی بوون و رەوایەتی حزب و رێکخراوی سیاسی بە سەربەخۆیی بڕیاری سیاسیەوە گرێدراوە، ئەگەر رێکخراوێک سازش لەسەر سەروەری و بڕیاری سیاسی خۆی بکات، پاساوێک بۆ بوونی نامێنێتەوە. بەوهۆیەشەوە حزبمان، حزبی رزگاریی کوردستان زۆر شێلگیرانە پێداگری لەسەر سەربەخۆیی بڕیارو رامانەکانی کردووە، وێڕای گوشارە جۆراوجۆرەکان، سەربەخۆیی بڕیاری سیاسی خۆی پاراستووەو رادەستی هیچ کەس و لایەنێکی نەکردووە. هێزو توانای حزبی رزگاریی کوردستانیش لەم برگەیەدا چڕبۆتەوە و شیانی خۆی بۆ دیتران خۆیا کردووە.

مخابن هەندێک کەس و لایەن وێڕای ئەوەی کە بانگەشەی دیموکراسی بوون دەکەن کەچی لە چەمکی دیموکراسی و ئازادی رادەربڕین تێنەگەیشتوون، هەڵوێستی جیاواز بە ناحەزی و دوژمنایەتی لێکدەدەنەوە، بۆ کوشتنی رامانی جیاواز تێدەکۆشن، بێ وچان هەوڵی دەستەمۆکردنی رێکخراوە سیاسیەکانی دیکە دەدەن، بێباکانە دەست لەکاروباری نێوەخۆی رێکخراوەکانی دیکە وەردەدەن و ئەمەش بە لێهاتوویی و لێزانی دەزانن. ئەوان چونکە پەرۆشی کێشەی گەل و نیشتمان نین، هەرگیز بیر لەوە ناکەنەوە کە دەستەمۆبوون و لەتکردنی رێکخراوەکان لە سەرەنجامدا زیان بە کێشەکەی گەلەکەمان دەگەیەنێ.

پێوەندی نێوان لایەنە سیاسیەکان لەسەر بەرژەوەندی هاوبەش پێکدێ، بەرژەوەندی هاوبەشی نێوان لایەنە سیاسیەکانی کوردستانیش خۆی لە بەرژەوەندی باڵای گەل و نیشتمان دەبینێتەوە، کەواتە ئەگەر بە شێوەیەکی راستین سیاسەت بکرێ، دەبێ هیچ هێزو لایەنێک بۆ دەستەمۆکردن و کەوی کردنی بەرانبەرەکەی تێنەکۆشێ و تەپکەو پیلان دانەنێتەوە، پێویستە هەوڵی بەهێزبوون و گەشەکردنی هاوپەیمانەکەی خۆی بدات، بەڵام لە واری کرداریدا ئەمە لە باشووری کوردستاندا دەگمەن بووە، چونکە بەدرێژایی ١٧ ساڵی رابردوو دەیان لەتکردن و دابڕان بەدەستی هاوپەیمان و دۆستەکانەوە ئەنجام دراون و زیانیان بە بزاڤی رزگاریخوازی کوردستان گەیاندووە. هەڵبەت زۆرجاران پارەو لەخشتەبردن و ترساندن رۆڵی بەرچاویان لەو دابڕانانەدا هەبووە، بەڵام تا ئێستا شیکردنەوەو لێکدانەوەیەکی زانستی و سیاسی بۆ ئەو دیاردەیە نەکراوە، لایەنە ئەرێنی و نەرێنیەکانی بەراورد نەکراون. کاتێک لایەنێک هەوڵی لەتکردنی لایەنێکی دیکەی دۆست و هاوپەیمانی خۆی دەدات، بیر لەوە ناکاتەوە کە لانی کەم نیوەی بەرانبەرەکەی دەدۆڕێنی و ناحەزیش دروست دەکات و زیانی راستەوخۆش لە بزاڤی رزگاریخوازی گەلەکەمان دەدات. وێڕای ئەوەی کە سیاسەتی قوتدان و هەڵلوشینی رێکخراوە سیاسیەکان هیچ ئاکامێکی ئەرێنی لێ بەرهەم نەهاتووە، بەڵام پشت لەو سیاسەتە نەکراوە، بەردەوام گرەوی لەسەر دەکرێ و هەوڵی بۆ دەدرێ، بەڵام ئێمە دووپاتی دەکەینەوە کە سەربەخۆیی بڕیاری سیاسی ناسنامەی بوونمانە.

## ناکۆکی نێوان سوننەکان قوڵ دەبێتەوە

سەرچاوەکانی هەواڵ ئاشکرایان کرد کە بەهۆی رکابەری و ململانێ لەنێو هێزەکانی رابوون و حزبی ئیسلامی عیراقی و ژمارەیەک لە سەرۆک هۆزەکان ناتوانرێ پێشبینی باشبوونی رەوشی ئاسایشی پارێزگای ئەنبار بکرێ.

سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە دوورخستنەوەی تارق یوسفی فەرماندەی پۆلیسی پارێزگاری ئەنبار کێشەو هەرایێکی زۆری ناوەتەوە، چونکە ناوبراو بڕیارەکە رەتدەکاتەوەو لەشوێنی خۆیدا دەوام دەکات.

تارق یوسف کە یەکێک لە دامەزرێنەرانی هێزەکانی رابوونەو لەلایەن هۆزەکانەوە پشگیری لێدەکرێ، زۆر دژایەتی حزبی ئیسلامی عێراق و هەندێ لایەنی دیکە دەکات، ئەمەش وایکردووە کە کێشەو ئاڵۆزی لەنێوان خودی سوننەکاندا دروست ببێ، ئەمەش لەبەرژەوەندی لایەنی دیکە تەواو دەبێ و چاودێران بە نیگەرانیەوە لێی دەڕوانن و پێیانوایە ئاکامی خراپی دەبێ.

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com